# ئاڵەکۆک

مهاباد

ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
ژماره ٧ـ رەزبەری ١٣٨٤



ئاڵەکۆک
گۆڤاری منداڵان

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری

دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیمزادە
یۆسف فازلی
بەدرەددین ساڵح

ئەرایشی ڕووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور

تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری

بەشی ماڵی: لوقمان زەهرەوی

۰۰۹۸_٤٤٢_۲۲۲۱٤۳۵ :تلفکس
۰۹۱٤٤٤۲۱۲۰۸ :موبایل
E.mail: alakok_ mag @ yahoo.com
مهاباد ـ مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷
شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۴



وێنەی ڕووبەرگ: دیاری کەیوان میسری سەعیدیان
وێنەی پشت بەرگ: دیاری دڵشاد عەلی

هەولنامەی کتێب





# شادی

ناسر مەعرووفی ـ میاندواو
پێشکێش بە تارا قادری ۶ ساڵە

پەپوولەی سوور و زەرنم
بۆ ئاپرسی لە دەرنم
خۆزگە منیش وەک تۆ بام
دوور لە گزە و درۆ بام
بەیانی تا ئێواریێ
لەگەڵ شنەی بەهاریێ
فڕیبام لە کەژ و کۆ
دایگرتبام، چەقۆوچۆ
لە بۆنی عەتری شادی
لە خۆشی تۆ و ئازادی







ئەو خاڵانە بگەیێنەوە یەک و بۆ هەر کامیان پێت خۆشە چیرۆکێک بنووسە، ئاڵەکۆک دیاریەک بە جوانترین چیرۆک دەدا.





هەواڵنامەی کتێب

# برینی زمان

ئیسماعیل قادر زادە ـ سەردەشت



لە دارستانێک کە بە ماوەی دوو ساعەت لە شار دوور بوو، کابرایەک بەتەنیا ژیانی دەبردە سەرێ و سەحەبی ئەسپێک، دەگەڵ عەرەبانێک و بیورێک و کۆخێکی بچووک دەبێت. کە لەو دارستانە خەریکی داربڕینە و جارجاریش ڕاوی دەکرد و دوای هەر سێ مانگ داربڕین عەرەبانەکەی لە ئەسپەکەی دەبەست و دارەکانی بار دەکردن و بەرەوشار دەڕۆیشت، دارەکانی لەشار دەفرۆشت و بە پوولی دارەکان ئەو شتانەی کە پێویستی پێ بوون بۆ ماوەی سێ مانگی تر دەیکڕین. وەک ڕۆن، برینج، چا، قەند، ئارد و... دوایی دەگەڕایەوە دارستانەکەو ژیانی بەم جۆرە دەبردە سەر. ڕۆژێک کە خەریکی داربڕین دەبێت، بیورەکەی هەڵدێنێ کە دار بقەلێنێ گوێی لە دەنگێک دەبێت، چاولێدەکات شێرێک بەرەو ڕووی دێت لە ترسی ڕووحی خۆی دەیهەوێ بیورەکەی لە شێرکەی بدات، پێش ئەوەی بیورەکەی لێدات شێرەکە دەکەوێتە عەرزێ! کابرا گەلێکی پێ سەیر دەبێت! بە ترسەوە دەچێت چاو لێ دەکات، دەبینێت سەری شێرەکە خوێناوییە بۆیە بووراوەتەوە. لە بەر ئەوەی مرۆڤ سەحەبی عەقل و ڕوحمە، کابرا شێرەکەی هەڵدەگرێت و دەیباتە ناو کۆخەکەی و بە ماوەی سێ حەفتە خزمەت و دەرمانی دەکات. شێرەکە چاک چاک دەبێتەوە و پێکەوە دەبن بە هاوڕێیەکی خۆشەویست، کابرا ڕۆژانە خەریکی داربڕین دەبێت و شێریش ڕاو دەکات و ئەو جانەوەرەی کە ڕاوی کردووە دەگەڵ کابرا دەیخۆن و ژیانێکی خۆش بە ماوەی شەش مانگ دەبەنە سەر. بەیانیەک کە کابرا زووتر لە خەو هەڵدەستێت دەڵێت ئاخ شێرە: مردم لە بۆنی زارت، شێرەکە، لەنەکاو ڕاست دەبێتەوە، دەڵێ: لە بەر ئەوەی ڕۆژێک وە فریام کەوتووی دەنا ئێستا لەسەر ئەو قسە ناخۆشەی لەتوپەتم دەکردی! شێر دەنەڕێنێ دەڵێ: هەستە بیورەکەت هەڵگرە بیورێکم لە سەری دە. لە ترسان و بەنابەدڵی بیورێکی لە سەری خوێناوی دەدات، شێرەکە دەڕوات. کابرا پەشیمان دەبێتەوە هاوار دەکات دەڵێ: بە قوربانت بم، من هەڵەم کرد تۆ بگەڕێوە بێ فایدە دەبێت کابرا بۆ ماوەیەکی چەند وەک شێتانی لێ دێت و دوای ماوەیەکی دووبارە خەریکی داربڕینەوەی دەبێت کە سووتفە ڕۆژێکی شێرەکە پەیدا دەبێتەوە! شێرەکە لە دوورەوە بە کابرای دەڵێت: دڵی خۆت خۆش مەکە، نەگەڕامەوە هاوڕێیەت کەمەوە! دوایی دەڵێ: مەترسە نەهاتووم هیچت لێ بکەم! فەقەت وەرە چاو لە سەرم بکە، کابر مووزەردە جوانەکانی سەری شێرەکە لا دەدات، شێر دەڵێ: بزانە شوێنی بیورەکەی چاک بۆتەوە یانا، کابرا دەڵێ: برینەکەت وا ساڕێژ بۆتەوە هیچ نووقسانێکی نیە، شێرەکە دەڵێ: ئەها، من فەقەت لەبەر ئەوەندەی گەڕامەتەوە کە پێت بڵێم برینی خەنجەر، بیور و تفەنگ چاک دەبێتەوە بەڵام برینی زمان چاک نابێتەوە. لە دوایی دا دەڕوات و دەڵێ خواحافیز.

# ددانی شیری

سەعدەدین خوسرەوی ـ دیواندەرە



بووم بە حەوت ساڵان
لەق بوون ددانم
یەکیەک دەکەون
بۆخۆم نازانم

ئاوێنەم هێنا
لە زارم ڕوانی
قاقا پێکەنیم
بە بێ ددانی

گاڵتەم پێ مەکەن
پێم مەڵێن پیری
بەمانە دەڵێن
ددانی شیری

# مسواک

نامق ڕکابدار ـ دیواندەرە

مسواکی سوور و جوانێ
لەگەڵ خەمیردندانێ
ئەیسەنم لە دووکانێ
دایدەنم لە یەغانێ
با گەرد و خاک و خۆرێ
ڕەنگ مسواکم نەگۆرێ
لە پاش هەر وەعدە غەزا
وا پێمان دەستوور درا
دیانەکانمان بشۆرین
جارجار مسواک بگۆڕین
ئەمە دەستوور ڕەهبەرە
ڕەهبەرمان پەیغەمبەرە
دەستووری پێمان داوە
لە نیوەشەو بەو لاوە
دیانەکانمان بە مسواک
بشۆرین تەمیز و پاک





# منالّی یادی بەخێر



ئەحمەد بەحری
لە تەمەنی ١٢ ساڵی



شیوەن حەسەن پوور
لە تەمەنی ٢ ساڵی



فەرەیدوون حەکیم زادە
لە تەمەنی ٤ ساڵی



سروە بەحری
لە تەمەنی ٢ ساڵی



یوسف فازلی
لە تەمەنی ٣ ساڵی

ئاڵەکۆک لەم لاپەڕەیەدا وێنەی هونەرمەندان بە منالّی چاپ دەکا، تکایە یارمەتیمان بدەن. وەک سەرەتا لە کارگێڕانی ئاڵەکۆکەوە دەست پێدەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# فێر بوونی زمانی کوردی ۶

نووسینی: سەید عەبدوڵڵا سەمەدی
ئامادەکردنی: فەرەیدوون حەکیم زادە





وانەی شەشەم:

خۆشەویستان لە وانەکانی پێشوودا باسی "٧" لە سەر چوار پیتی (ڕ ـ ڵ ـ ۆ ـ ێ) کرا. هیوادارم شتی بە کەڵکی لێ فێر بووبن. ئێستاش لە سەر پیتی دەنگداری (وو:U) دەدوێین.

(وو:U) لەگەڵ ئەوەی کە بە پیتێکی بێدەنگەوە دەلکێ، دەنگی "او"ی کێشراوە دەدا و بە دوو شێوەی (ـوو ـ وو) دەنووسرێ.

(ئوو، بوو، چوو، دوو، ڕوو،...) ئەگەر (وو) لە دوای پیتی (د،ر،ز،ژ،و) بێت، پێیانەوە نالکێ وەکوو: ئارەزوو، مێژوو، ڕوومەت، ڕووناک، زیندوو، ئەستوور و...

| پیتی دەنگدار | | چەشنی بەکار هێنانی پیتی دەنگدار لە وشەدا | |
|---|---|---|---|
| کوردی | هاوتای فارسی یا عەرەبی | وشەی فارسی | وشەی فارسی لەگەڵ نووسینی کوردی |
| ا | ا | آسمان | ئاسمان |
| ە | ـَ | أدَب | ئەدەب |
| و | ـُ | کُرد | کورد |
| وو | و | موریانه | مووریانە |
| ۆ | | | بۆن |
| ی | ی | میز | میز |
| ێ | | | شێر |

# جەدوەلی مانگی ڕەزبەر

١. درێژترین شەوی ساڵ.
٢. دەڵێن بەهەشت لە ژێر پێی ئەودایە.
٣. لە پایزدا لە داران هەڵدەوەرن و زەرد و قاوەیی دەبن.
٤. لە ئێستاوە لە فکری زستاندایە و خواردەمەنی دەگوێزێتەوە بۆ هێلانەکەی.
٥. چاوی لێ غافڵ بکەی بەر دەبێتە گیانی جوجکان و دەیانخوا!




| | وەرزی بەهار | | وەرزی هاوین | | وەرزی پایز | | وەرزی زستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگی | فروردین | خاکەلێوە | تیر | پووشپەڕ | مهر | ڕەزبەر | دی | بەفرانبار |
| مانگی | اردیبهشت | بانەمەڕ | مرداد | گەلاوێژ | آبان | خەزەڵوەر | بهمن | ڕێبەندان |
| مانگی | خرداد | جۆزەردان | شهریور | خەرمانان | آذر | سەرماوەز | اسفند | ڕەشەممە |

لە جەدوەلی ژمارەی پێشووی ئاڵەکۆک، بە هەڵە مەژیر بەردنووس نووسرابوو؛ بەرەندەی جەدوەل (ڕۆژین بەردنووس)ە. ڕۆژین گیان ببوورە

هەواڵنامەی کتێب

# شێعر

ئامادەکردنی: سەید عەبدولقادر سەمەدی

دە قامکی وردیلەی دەست
دە قامکی وردیلەی لاق
دوو گوێی ورد و
لووتێکی بچکۆلەی تاق
دوو چاوی ڕەش
پڕ شۆق و گەش
زارێکی چووک
بۆ ماچی دایک
لە کاتی شەو، بۆ چوونە خەو

Ten little fingers
Ten little toes
Two little ears
And one little nose
Two little eyes that
Shine so bright
And one little mouth
To kiss mother
Good night





بۆ ئەوەی بزانی ئامانج سەیری چی دەکا، ئەو خانانە پڕ بکەوە کە خاڵیان تێدایە





هەر یەک لەو بەرخانە چەند جار دووبارە بۆتەوە، ژمارەکەی لە تەنیشت خۆی دا بنووسە.



هەواڵنامەی کتێب

## ئازیزانم وێنەی خوارەوە بە ڕەنگی جوان برازێننەوە





# چیرۆکی پەریلانی ئینگلیزی (بەشی دووەم)

کۆکراوەی: جۆزێف یاکوبز

وەرگێر لە ئینگلیسیەوە: عەبدولخالق یەعقووبی

پادشا گوتی: "ئەو خورییە گەر بێت و تا شەو نەڕیسرێت، ئەوە سەری خۆت بە فەتەڕات داوە." پاشان چووە دەرێ و درگای لەسەر داخست. هێشتا پادشا تەواو نەڕۆیشتبوو کە تەقەیەک لە پەنجەرە هەستا، کچە هەستا پەنجێرەکەی کردەوە و دڵنیاش بووە لەوەی ئەو دەعبا پیرە وردیلانەکەیە کە لەسەر لێواری پەنجێرەکە دانیشتووە. دەعبا گوتی: "کوا خورییەکە؟" کچە گوتی: "ئەوەتانێ" خورییەکەی دایە دەستی. ئێوارە وەخت هەمیسان تەقەیەکیان لە پەنجێرەکە کرد. کچە هەمیسان هەستا و پەنجێرەکەی کردەوە. دیتی ئەوە دەعبا پیرە وردیلانەکە پێنج تەشی بەنی بە دەستەوەیە و لەوێ ڕاوەستاوە. دەعبا پێی گوت: "ئەوەش ئەمانەتەکەت." گلۆلە بەنەکەی دایە دەستی کچە. کچە گوتی: "ناوت بیل bill نیە؟" دەعباکە گوتی: "نا ناوم بیل نیە" خولێکی بە کلکی دا و لە حەوادا هەڵی سووڕاند. کچە گوتی: "ناوت نێد ned نیە؟" دەعباکە گوتی: "نا، ناوم نێدیش نیە." و خولێکی تری بە کلکی دا و لە حەوادا هەڵی سووڕاند. کچە گوتی: "باشە ناوت مارک mark نیە؟" دەعباکە گوتی: "ناوەڵڵا، ئەمەشیان نیە." ئەمجارەیان توندتر کلکی هەڵسووڕاند و باڵی گرت و فڕی و لە چاو ون بوو. بەڵێ، ئەمجار کاتێک پادشا، مێردی کچە، هاتە ژوورەکە، دیتی ئەوە پێنج گلۆلەبەنەکە ئامادە لە بەردەمی دانراون. "وا دیارە ئێنەش و نابێ بتکوژم، خۆشەویستی خۆم. بەیانی خواردن و خوری سبەینێت بۆ دێنن." ئەمەی گوت و وەدەر کەوت. بەڵێ، هەموو ڕۆژێ خوری و خواردنیان بۆ کچە دەهێنا و هەموو ڕۆژێک جنۆکە ڕەشەکەش بەیانی و ئێواران دەهات بۆ لای کچە. کچەکەش لە بەیانییەوە تا ئێوارە بیری لە ناوی دەعباکە دەکردەوە تا هەڵی دات. بەڵام هیچ کات ناوی دەعباکەی بۆ نەدەدۆزراوە. هەروا کە ڕۆژان تێدەپەڕین و لە ئاخری مانگ نزیک دەبوونەوە، دەعباکەش جاربەجار قین ئەستوور دەبوو و هەر جارەی کچە ناوێکی دەگوت ئەو خێراتر خولی بە کلکی دەدا و لە حەوادا هەڵی دەسووڕاند.

دواجار تاقە ڕۆژێکی بۆ ئاخری مانگ مابوو. جندۆکەکە شەو بە پێنج گلۆلە بەنەوە هاتە بەر پەنجێرەکە، گوتی: "چی بوو؟ ناوت هەر هەڵنەهێنان؟" کچە گوتی: "ناوی تۆ نیکۆدیۆس nicodemus نیە؟" دەعباکە گوتی: نا، ناوم ئەوە نیە." کچە گوتی: "ئەی سامل sammle نیە؟" دەعباکە گوتی: "نا، ئەمەش نیە." کچە گوتی: "ئێ، دە باشە، ناوی تۆ مێتوسالێم methusalem نیە؟" دەعباکە گوتی: "نا، بە سەری تۆ ئەوەش نیە؟"

دوایی دەعباکە بەو چاوانەی کە دەتگوت ڕەژی نێو ئاگرە لێی ڕوانی گوتی: "ژنەکە، تاقە سبەی شەوت ماوە، و ئیتر دوای ئەو بە قسمەتی خۆم دەبێ." باڵی لێدا و فڕی. کچە زۆر هەستی بە ترس و دڵەڕاواکە کرد. لەم حاڵەدا گوێی لێبوو پادشا لێی کەوتە ژوورێ. هەر

هەواڵنامەی کتێب


ڕۆژان بردۆوس . کۆی خوان









کیان یەحیا پوور پۆلی ئەوەڵی سەرەتایی : سەردەشت



ئا یدا جه هادی: مه هاباد




سینا سوڵتانیان ٧ ساڵه : بۆکان



ڤیان ئیسلامیان: مه هاباد



فارووق ئیبراهیمی ٥ ساڵه : بۆکان



ئه سرین شه ریفی : سه رده شت



هەواڵنامەی کتێب



که هات و چاوی به پێنج گۆلە بەنکە کەوت، گوتی: "دەی خۆشەویستی خۆم ئەو پێنج گۆلە بەنەی سبەی شەویشت ئامادە کردووە، کە وایە بۆم نیە تێکۆژم. ئیمشەو لێرە و پێکەوە شێو دەکەین." هەر بۆیە شێویان بۆ هێنان و کورسیلەیەکی تریان بۆ پاشا دانا و هەر تک پێکەوە دانیشتن. بەڵێ پادشا لەبەر پێکەوونین و قاقا لێدان لە دوو سێ کەوچک زیاتری بۆ نەخورا. کچە گوتی: "ئەوە چی بووە؟" پادشا گوتی: "هیچ کچێ، ئەمڕۆ بۆ ڕاو چووبوومە دەرێ، چوو بووینە شوێنێکی دارستان پێشتر قەت نەمدیبوو. لەوێندەرێ قولکێکی لێبوو کە دەنگە دەنگێکی لێوە دەهات.



دەستم لە ڕاو هەڵگرت و ڕاست چوومە سەر قولکەکە و لێی ورد بوومەوە و چاوم لێکرد چی ببینم باشە، دەعبایەکی وردیلانەی هەرە سەیر و سەمەرە کە تا ئێستا بە چاوی خۆت نەتبینیوە. چیشی دەکرد، تەشییەکی بە دەستەوە بوو خەریک بوو تەشی دەڕست. جا چەندەش خێرا خێرا دەیڕست و کلمیشی بۆ با دەدا. هەر دەیڕست و دەیگوت: نیمی نیمی نۆنە ناوم تۆم تیت تۆتە

کاتێک کچە ئەم قسەیەی بیست لە خۆشیانا خەریکبوو باڵ بگرێت، بەڵام بێدەنگی لێ هێنا و چی نەگوت. ڕۆژی دوایی وێدەچوو دەعبا وردیلانەکە زۆر قین ئەستوورتر ببوو کاتێک کە بۆ خورییەکان هاتبوو. کاتێک شەو داهات، کچەکە دەنگی تەقەی شیشەی پەنجێرەکەی بیست. پەنجێرەکەی کردەوە و دەعباکە ڕاست هات لە سەر لێوارەکەی دانیشت. زەردە لە سەر لێوی نەدەتارا و خێراخێرا کلکی لە حەوا دا هەڵدەسووڕاند. دەعبا هەر کە گۆلە بەنەکانی دایە دەستی کچە پرسی: "ناوی من چیە؟" کچەکە خۆی لێ نەبان کرد و گوتی: "نا، هەو نیە" زیاتریش خۆی خزاندە ژوورەکە. کچە دیسان گوتی: "باشە ناوی تۆ زبێد zebedee نیە؟" جندۆکەکە گوتی: "نا، ئەمەش نیە." دوا جار پێکەنی و کلکی وا بە خێرایی هەڵدەسووڕاند بە چاو نەدەبینرا. دەعباکە گوتی: "کات خەریکە تەواو دەبێت، خاتون دوابین وەڵامت بڵێ دەبی بە ئی خۆم" دەستە ڕەشەکانی بۆ لای کچە درێژ کرد. بەڵێ، کچە دوو سێ هەنگاو لە دەعباکە دوور کەوتەوە و چاوێکی لێکرد، پاشان تریقایەوە و بە قامک ئاماژەی بە دەعباکە کرد و گوتی: نیمی نیمی نۆنە ناوت تۆم تیت تۆتە

که دەعباکە ئەمەی بیست، قیژەیەکی ترسناکی لێ هەستا و لە نێو تاریکایی دا باڵی لێدا و فڕی و ئیتر کچە هەرگیزا و هەرگیز نەیبینییەوە.



